

# له ژیان درێژتر

ڕەفیق سابیر

من وەكو زایەڵە بەڕێوە بۆشایی دەپۆشم بە خۆمدا، بە خەونی
تاوێردا ڕۆدەچم. دەخوازم وەك چۆرێك ڕووناكیی شڵەژاو
شێوازی خۆم بگرم.
روخسارم ڕەنگپەڕیو دەبێتە ئاوێنەی تەمگرتووی دوورایی
دڵیشم دەپێوێت ڕێی ژیان بە پێوان ((*)).

تۆ لە كوێیت تا دڵم هەڵبگریت !
نیگاری فەزاكەم بكێشیت
بە ریتمت كەوتنم رابگریت !

زەمانم وەك روبار بێ مەبەست ڕێ دەكات لە بەردەم سارادا
پەرت دەبێت، دەگۆڕدرێت بە ڕەنگ‌و سێبەرو خەونەگوڵ،
دەبێتە دووڕیانی وتن‌و بێدەنگی.

شەوگاری پەیڤینە بێدەنگی دەدوێنم كە ورشەی راستییە، چرایە.
بێدەنگی خۆی باخی مەجازو مانایە.

بەڕێوە... زەمانم لەگەڵم ڕێ دەكات. لە سیمای خوناودا
وێنەی خۆم دەبینم"
بەشێكم وەك باڵی وەریوی پەپوولە بۆ نیشان بۆ گەمەی
ڕێكەوت جێماوە، بەشێكی دیكەشم بە نێو نادیاریدا
دوای مانا و چارەنووس كەوتووە

ڕێگایەك لە ژیان درێژتر
بەڕێوە زەمانی پەرتێنم وەك دڵم هەڵدەگرم
دەمەوێت وەك تاڵێك رووناکیی شپرزە
دوا مەودای خۆم ببڕم.

**پەنجەرەیەك والآ**

پەنجەرەیەك بە رووی ساراو شەودا والآ
شوێن بە چرپە حیکایەتی پیربوونی خۆی دەگێڕێتەوە.
تۆیش لە چاوەڕوانیی هیچدا یاری بە تاریکی دەکەیت
وەك بتەوێت شەو و باڵندەکانی بشەڵەژێنێت،
یان تاریکی بکەیتە داوێك داهاتووی پێ بگریت.

لە تارکییەوە هەڵمێك هەڵدەستێت لە داچۆڕانی رووناکییەوە
بۆنگولآو، شەویش بە چرایەکی شینەوە ئیشك لە ژیان دەگریت.
رەنگە ڕێگاکان بە هیچ جێیەك نەگەن، کەچی بەهانەی کۆچ هەر دەمێنێت"
وەچەی تارمایی هەمیشە بەڕێوەن.باڵندەی کۆچەری رووناکی هەڵدەگرن،
بە چڕین زەمانیان، بە فڕین فەزایان دادەهێنن.

پەنجەرەیەك بە سەر دووریدا والآ
شوێن پاڵی بە ئەبەدییەتەوە داوە،
تۆیش هێشتا بێدەنگییت پۆشیوە دەتەوێت بە کپبوون
پەیڤین شکۆدار بکەیت.
دەست بەو گەلآیانەدا دێنیت کە رەنگی ئۆکتۆبەریان گۆڕیوە.

چۆڵاییەك لە نێو بازنەی کاتدا کە بۆ گەمژەیی ڕێکەوت جێماوە.
پەرێزێکی شین لە نێوانی شەو و رۆژدا کە نە هۆگری دەبین،
نە دەتوانین لێی راکەین.

زەمان هەستێکە لە خۆتدا
شوێن لە تۆوە تا ئەبەدییەت،
راستیش وەك تاڵێك رووناکی
لە نێو خۆتدا.

**ژوانگە**

بە شێوازێکی دی و ڕەنگێکی وەنەوشەویی کاڵترەوە دێت،
وێنەی سێبەری نەناسێك بەسەرمدا دەنوشتێتەوە.
شوێن مێرگێکە لە ئاسۆوە تا قووڵایی کات،
منیش نیوە لێڵ نیوە ڕوون
بۆ خۆم دەگەڕێم،
لە لێکنەچووندا لێچوون دەبینم.
دەست لە ژیان دەدەم و جوانی دەدوێنم
پەیڤەکان زایەڵەئاسا لە بۆشاییدا وێڵ دەبن.

پەرتێنبوونی زەمان جوانی لاڵ،
ڕاستی بە خۆنامۆ دەکات.

غەریبێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان من بوو
وەکو سێبەری تەماوی دامدەپۆشێت و
ون دەبێت.
غەریبێك ون دەبێت تا پێك بگەینەوە"
ڕەنگە لە رووناستانێکدا
کە جوانی ئامانجی وتن بێت،
یان لە جێیەکی ئەو دیو شوێن و کات
کە شیاوی ژوانی منداڵی،
یان ماڵی مەحاڵ بێت.

**لەگەڵ زەماندا**

دەڵێی زەمان لە تەنیایی خۆی رادەکات
پەیڤین لە مانا
تۆ لە خۆت
ژیانیش لە چاوەڕوانیدا
رووتبوونی خۆی دەخوێنێتەوە.

ڕەنگەکان لەبەر زەماندا وەکو سیمات کاڵ دەبنەوە
تۆ دەست لە رابردوو دەدەیت کە وێنەی سڕەپشکۆیەك

**له ژێر خۆڵەمێشدا نووستووە**
**بە ئێستادا هەڵدەڕوانیت کە چۆڵە وەك ماڵی مەحاڵ"**
**ساتەکان لە لێکچوونیاندا دەڵێی یەکساتن**
**شوێنیش فەزایەکی بەتاڵ.**

**نە لە مردنە ترسانت، نە لە ژیان**
**بەڵکو لە زەمان.**

**تەنیا رەنگێك**
**لە بێدەنگیدا چیرۆکی هەمووان دەگێڕێتەوە**
**تەنیا دەنگێك**
**لە تاریکیدا وەك چەقۆ دەبریسکێتەوە.**

**لەگەڵ رۆژگاردا هەر شتێك بیر دەچێتەوە**
**لەگەڵ رۆژگاردا هیچ شتێك بیر ناچێتەوە.**

..........................

ئەم هۆنراوانە لە کتێبی( *شەوچرا*) کە لە ژێر چاپدایە وەرگیراوە